باسم عەوادی: دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم کاری لە پێشینەی حکومەتی عێراقە



وتەبێژی حکومەتی عێراق رایدەگەیەنێت، ناردنی مووچەی هەرێمی کوردستان سەقامگیریی دروستدەکات و دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێمیش کاری لە پێشینەی حکومەتی عێراقە.

باسم عەوادی، وتەبێژی حکومەتی عێراق لە لێدوانێکیدا رایگەیاند، حکومەتی عێراق وەکو پرسێکی سیاسیی مامەڵە لەگەڵ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ناکات و لە ئێستادا بەیاری دادگای فیدراڵیی عێراق هەیە پێویستە جێبەجێبکرێت کە ئەو پرسە پێویستی بە ڕێککەوتن و گرتنەبەری ڕەوشەنی یاسایی هەیە و لە هەمانکاتدا ناردنی مووچەی هەرێمی کوردستان سەقامگیریی دروستدەکات.

وتیشی، "دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم کاری لە پێشینەی حکومەتی عێراقە بەو پێیەی لە یاسای بودجەدا ئاماژە بە داهاتی نەوتی فرەشراوی 400 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێم کراوەتەوە، بەیە حکومەتی عێراق هەوە بە دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم دەدات".